# دەنگۆی واشنتۆن پۆست و ماستی بە موو

موحسین جوامێر

واشنتۆن پۆست لە وتارێکیدا بڵاوی کردەوە گوایە لێپرسراوانی پۆلیس و سەربازی کورد هاوڕێ لە گەڵ هێزە فرە ڕەگەزەکاندا، سەدان عەرەب و تورکمانیان بنگۆم کردووە و لە بەندیخانەکانی هەولێر و سلێمانی پەستاوتنیان، ئەمەش گوایە بە قەولی فلان سەرچاوە و فیسار لێپرسراویی سەربازی لە کەرکووک!... دەنگۆیەکەش ئەوەندە کتوپڕ کەوتەوە، وەك برووسکە و مچوڕکەیەك بە لەش و مێشکدا بێت و بگەڕێت، وا بوو، هەروەها وەك سیناریۆیەك کەوتە بەرچاو و زەین، وەك ئەوەی ئامانجێکی لە پاڵدا بێت... وای لە پیاو دەکرد یەکسەر بە بڕیارەکەی ـ بەغداـ لە ناردنەوەی نزیکەی سێ هەزار پۆلیس و ئەفسەری کەرکووك ـ کە پێشتر بۆ شارەکانی دیکەی کوردستان وەدەرنرابوون ـ ببەستێتەوە...

ئەوەی سەرنجراکێشە و پیاو دەخاتە گومانەوە ، ئەو ژمارە ـ تا رادەیەك زۆرەیە ـ کە بانگەشەی ڕفاندنیان کراوە ، ئەویش خۆی لە شەش سەد کەسێك دەدات ... چونکە ئەگەر ڕاست بووایە، هەر لە پێشتریدا و لە ئاستێکی جەماوەریدا دەوروژێنرا و چاوی لێ نەدەپۆشرا وخودی کەس و کارەکان ئاگری رکیان هەڵدەگیرساند... ئەوەی سەمەرەشە، بە پێی ئەو نووچانەی رۆژانە و حەفتانە لە لایەنە بەلایەن و بێلایەنەکانەوە بڵاو دەکرێنەوە، دەق ژمارەی کوردە براو و رفێندراو و تەرۆرکراوەکان زۆر زیترە وەك لە غەیرە کورد، کەچی لە لایەن واشنتۆن پۆستەوە ئاماژەی پێ نەکرا! بە وردبوونەوە لە سەردانە ماراتۆنییەکانی سەرانی بەغدا بۆ ئەنقەرە و چوونی بەرپرسانی ئەنقەرە بۆ ئەمریکا، بە تایبەتی دوا سەردانەکەی ئەردۆگان بۆ ئەوێ و تەکەزکردن لە سەر هاوپەیمانێتیی ستراتیژی لە نێوانیاندا... هاوکات لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە سیاسییانەی بەم دواییە لە کوردستاندا هاتنە ئاراوە، بەتایبەتی بە هەڵبژاردنی سەرۆکی کوردستان، نێزیکبوونەوە لە ڕێکخستنەوەو هەڵپەرتاوتنی ماڵی کورد و بەرپاکردنی مەسەلەی کەرکووك لە بە کارا کردنی ماددەی (58) دا... پیاو دەخاتە سەر ئەو قەناعەتە ئەم ماستە بێ موو نەبێ وئەم دووکەڵەخەبەرەش بێ ئاگر نەبێت... سیاسەتی ئەمریکاش تەمومژی زۆرە..! بۆیە، ڕەنگبێ بارودۆخەکە خۆهەڵکردنێکی باشی گەرەك بێ و وا پێویست بکا دەزگەی راگەیاندنی کوردستان لەسەرهەست بێ، تا لە بەر پڕۆپاگەندەی بۆ کورد چنراو دابمەزرێ و دەمکوتی بکات. زۆر بەداخەوە، بۆ مەسەلەی راگەیاندن ـ بەتایبەتی بۆ بەرپەرچدانەوە و لە دەمدانەوەی ناحەزان بە زمانی دیکە ـ تا ئێستا فەرمانڕەوایەتیی کوردستان ـ لەبەرهەر هۆیەك بێ ـ نەیتوانیوە کادیرانی کارامە وپیتۆڵ و لەبلەبانی ئەوتۆ پێڕابگەیەنێ تا بکارن لەم بوار و بەستێنە گرنگ و پڕ مەترسییەدا ڕۆڵی خۆیان ببینن، کە ئەویش خۆی لە هەبوونی (لۆبی) یەکی کوردیی هەموو دەمێ (حازربەدەست) و ( پتـەو) چڕوپڕ دەکاتەوە بۆی هەیە لە داهاتوویەکی نزیکدا ، دژەکوردەکان ـ لە پاڵ بابەتی تردا ـ بۆ کڕین و فرۆشتنی سیاسی ـ جەخت لەسەر ئەم خاڵە بکەن و بیقۆزنەوە... بە کەڵکترین کەرەسەش بۆ ناوزڕاندنی کورد لەم هەلومەرجەی ئێستەدا ـ بە تایبەتی بۆبیانووی ترکان ـ لێدانی دەرکەی کەرکووکە و کەڕکردنی گوێی فەلەکە بەم بانگەشەیە و ئەوەی لەم جۆرەیە، چونکە بە دانانی کڵاوی پاشایەتی لەسەر کورد، بە قەولی سالمی شاعیر،ئەمڕۆ (ئاگری نەگبەت لە خەرمەنهای تالع ـ ی وان ـ کەوتووە)...

mohsinjwamir@hotmail.com